# نوێترین داهێنان لە پرینتەردا


پرینتەری کۆمپیوتەر، لەم دواییانەدا  کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی بواری HP کۆمپانیای نوێترین داهێنانی خۆی لە پرینتەردا تاقیکردەوە، پرینتەرێکی بەرهەم هێنا کە تەنی دوو ڕەهەندی دەکاتە سێ ڕەهەندی و وێنەکان بۆ ئینتەرنێت بەرێ دەکات.

TopShot LaserJet Pro 200 بە پرینتەری جۆری HP پرێنتەرە سەرنجراکێشەکەی M275nw ناسراوە، پرینتەرەکە گەلێك تایبەتمەندی بەرچاوی هەیە، بەڵام گرنگترینیان ئەو تایبەتمەندییە کە بەبێ بوونی هیچ کۆمپیوتەرێك خۆی ڕاستەوخۆ بە هێڵی ئینتەرنێت پێوەند دەدرێت. بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناوبراو "ڕۆبێرت دین کلاکر" دەڵێت، لەم سەردەمەدا کە باس لە داهێنانی نوێ دەکرێت، ئێمە نوێترین داهێنانمان لە بواری پرینتەردا داهێناوە. پرینتەرێك کە وێنەی سێ ڕەهەندی دەناسێ و زانیاری تایبەت بەو ڕاستەوخۆ بۆ ئینتەرنێت دەگوازێتەوە.



# ئامێری سۆنەر بەقەد مۆبایلێک

ئامێری سۆنەر واتە "سۆنۆگرافی" ئەو ئامێرەیە کە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان، زانینی تەندروستی کۆرپەلە و ڕەگەزی کۆرپەلە و بوارەکانی تایبەت بە تەندروستی سوودی لێوەردەگیرێ، ئامێری سۆنەر هەمیشە ئامێرێکی ڕانەگوازراو بووە، تەنیا لە یەك شوێن بووە، لەم دواییانەدا ئامێرێکی سۆنەر کە قەبارەکەی تەنیا بە قەد مۆبایلێکە هاتە بەرهەم. ئامێرەکە ناوی MobiUSـە. بە ئاسانی ڕادەگوازرێ و گشت ئەرکەکانی تایبەت بە سۆنۆگرافییەکی ئاسایی ئەنجام دەدات. ئەو ئامێرە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لە بواری کێشەکانی تایبەت بە تەندروستی، بەتایبەتی لە ناوچە دوورەدەستەکان. هەرچەندە نرخی ئامێرەکە لەسەرێیە واتە 7500 یۆرۆ، کە ئەمەش بۆ ئامێرێکی وا نرخەکەی زۆر لەسەرێیە، کۆمپانیای بەرهەمهێنەر ڕایدەگەیەنێت ئەگەر ڕێژەی فرۆشتنی ئەو ئامێرە لەسەرێ بێ، ئەوا نرخەکەی دادەبەزێنێ.



# هاردێک لە یەک کاتدا بە سێ کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە




ڕەنگە یەکێك لە ئاواتەکانی ئەو کەسانەی کە موبایلی ئایفۆن و تەبلێتی ئایپادیان هەیە ئەوە بێت کە خۆزگە هاردەکەیان گەورەتر با! ئەو ئاواتە ئێستا هاتۆتە دی هاردێکی دەرەکی بەرهەم هاتووە کە لە یەککاتدا لە ڕێگەی Wi-Fiیەوە بە سێ ئامێر پێوەند دەدرێت. هەروەها لەڕێگەی Wep key ئێوە دەتوانن دەست ڕاگەیشتن بە زانیارییە ناو هاردەکە سنووردار بکەن. بەهۆی باتری ناو هارددیسکەوە دەتوانن نزیکەی 4 کاتژمێر بە بەردەوامی سوودی لێوەربگرن. ئێوە بە بوونی ئایپادێکی تاج، تەلەڤزیۆنێکی ئەپڵ و هاردیسکێکی لەم جۆرە دەتوانن گشت فیلمە HDیەکان لەسەر هارددیسکەکە خەزن بکەن. ئەو هارددیسکە بە توانایی 16 گیگابایتی و 32 گیگابایتی هاتۆتە بەرهەم، هەرچەندە شوێنی خەزنکردن لە هاردەکەدا کەمە، بەڵام بۆ هاردێکی تایبەت بە مۆبایل و ئایپاد گرنگە.

# تەبلێتەکەی Optimus pad توانایەکی بەرچاو

کۆمپانیای LG و کۆمپانیای سامسۆنگ پردی پێوەندی ئابووری وڵاتی کۆریای باشوورن بەجیهانەوە. کۆمپانیای LG هەوڵێکی زۆر دەدا لە هاوتاکەی خۆی واتە سامسۆنگ لە جیهاندا پێشبکەوێت و نەتەنیا سامسۆنگ بگرە ڕکابەری لەگەڵ کۆمپانیای ئەپڵی ئەمریکی دەکات، لەم دواییانەدا تەبلێتی جۆری Optimus Padی هێنایە بەرهەم کە دەکرێ بڵێین لەڕیزی تەبلێتە پێشکەوتووەکان دێتە ژمار.

تەبلێتەکە قەبارەیەکی مامناوەندی هەیە، شاشەکە دوو جۆری دە ئینجی و حەوت ئینجی هەیە. پێکهاتەی تەبلێتەکە وەك تەبلێتە هاوشێوەکانی لە ئەلەمنیۆم پێکنەهاتووە، بگرە جۆرە پلاستیکێکی پتەوە، بە بەراورد بە نوتی بوك و تەبلێتەکانی کە لە بازاڕدان لە پێشەوەیە. ئەوەی لەو تەبلێتەدا زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ بوونی دوو کامێرایە لەو تەبلێتەدا، کە وێنە و فیلمی سێ ڕەهەندی پێدەگیرێت. هەروەهانی بوونی پایەیەك لە ناوەندی تەبلێتەکە بۆ ڕاوەستانی تەبلێتەکە خاڵێکە کە LG بە باشی بە گرنگی زانیوە، چونکە بوونی ئەو پایەیە بۆ وێنە و فیلم هەڵگرتن زۆر سوودمەندە. دوو کەلێنی microUSB و کەلێنێکی HDMI و لەگەڵ 6 شوێن بۆ پێوەندانی Dock تێدایە. شاشە سێ ڕەهەندییەکەی پێویستی بە چاویلکەی تایبەت نییە هەرچەندە کۆمپانیا بۆخۆی چاویلکەیەکی تایبەتی لەگەڵدا داناوە. باترییەکەی بۆ ماوەی 8 کاتژمێر سەیری فیلم کردن دانابەزێت، لە حاڵەتی ئاساییشدا بۆ چەندین ڕۆژ شەحنی نایەتە خوار.






# تەنکترین و سووکترین تەبلێت



کۆمپانیای بەناوبانگی ژاپۆنی توشیبا، تەبلێتێکی نوێی هێنایە بەرهەم کە دەکرێ بڵێین هەتا ئێستا تەنکترین و کەمکێشترین تەبلێتە لەجیهاندا. تەبلێتە نوێیەکە بەناوی Regza At700 کەوتە بازاڕەوە. تەبلێتەکە شاشەکەی 10 ئینجە، کێشەکەی تەنیا 558 گرامە، و ئەستوورییەکەی تەنیا 7.7 ملمە، باریکترین تەبلێتە لە جیهاندا. شاشەی ئەو ئامێرە تەواو لەمسیە.

تەبلێتی ناوبراو لە دەبڵ پرۆسیسەری 1,2 سوود وەردەگرێ و ڕامەکەی یەك گیگابایتە، و 32 گیگابایت هاردەکەیەتی. تەبلێتەکە کامێرایەکی 5 مگاپیکسلی هەیە و شوێنی micro HDMI هەیە، جگە لەوەش کەلێنی micro USB لەگەڵدایە و کارت میمۆری Micro SDیش دەخوێنێتەوە.



# نوکیا و دوا بەرهەمەکانی لە مۆبایلدا

لەم دواییانەدا گەورە کۆمپانیای بەرهەمهێنی مۆبایل نوکیا توانی دوو جۆر مۆبایلی C2-05 و نۆکیای جۆری X2-05 بەرهەم بێنێ، بەکارهێنانی مۆبایلەکە زۆر ئاسانە، خێرایی لەو مۆبایلانەدا بەبەراورد بە نرخەکەیان خێراییەکی گونجاوە، گشت تایبەتمەندیەکانی وەك خزمەتگوزاری کورتە نامەی، ئیمێل، بڵاوکردنەوەی مۆسیقی و تۆمارکردنی ڕادیۆیی لە تواناکانی ئەم هاندەن.

نۆکیای C2-05 هاندێکی سلایدە، شاشەکەی 2 ئینجە و کوالیتییەکەی جۆری QVGAـە، دەتوانێ هەتا 65 هەزار ڕەنگ نیشان بدات. 64 میگابایت هاردی ناوخۆییەتی، دەکرێ میمۆرییەکی جۆری Micro SD 32 گیگابایتیشی بۆ دابندرێت. هەتا 4 کاتژمێر لەکاتی قسەکردندا باترییەکەی دانابەزێت و وەکو دیکەش هەتا 20 ڕۆژ شەحنی وەك خۆی دەمێنێت.

هاندی جۆری X2-05ی نوکیاش دیزانێکی سادەی هەیە، شاشەکەی 2،2 ئینجە، ئەویش پشتیوانی لە 65 هەزار ڕەنگ دەکات، توانای سپیکەری هاندەکە گەلێك بەرزە. گشت تایبەتمەندییەکانی دیکەش وەك مۆبایلی جۆری C2-05 دەچێت.





# نوت بوکی ASUS B53J نادزرێت

لەم سەردەمەدا بەڕێوەبەرێکی باش بەو کەسە دەگوترێت کە لاپتۆپێکی جێگەی متمانەی هەبێت، چونکە هەڵگرتنی داتاکان و دزە نەکردنی داتاکان بۆ دەرەوە لە هەموو شتێك گرنگترە. کۆمپانیای Asus لەم ماوەیەدا هەوڵیداوە لاپتۆپ و نوتی بوکی تایبەت بە بەڕێوەبەران و بازرگانان بەرهەم بێنێت، نموونەیەکی ئەو نوتی بوکانەش جۆری B53Jیە، چونکە نوتی بوکەکە تایبەتە بە بەڕێوەبەران، بۆیە کیبۆردێکی تەواویان لەگەڵ داناوە، بەڵام گرنگترین خاڵی ئەو نوتی بوکە مەسەلەی ئەمنیەتییەتی. لەو نوتی بوکەدا سەرەڕای بوونی پەنجەمۆر بۆ کردنەوەی ئامێرەکە، کارتێکی تایبەتیش بەناوی Smart card Accessی لەگەڵە، کە بەبێ بوونی ئەو کارتە ناکرێت نوتی بوکەکە هەڵبکرێت. گرنگییەکی دیکەی نوتی بوکەکە بوونی تەکنۆلۆژیای دژی دزینە، ئەوکاتەی کە نوتی بوکەکە دزرا، هەر کاتێك دزەکە بیهەوێت نوتی بوکەکە هەڵبکات گشت زانیارییەکانی سەر نوتی بوکەکە دەسڕێنەوە. کیبۆردی نوتی بوکەکە دژی ئاوە، هەروەها دژی زەربەیە، باتری ئەم نوت بوکە هەتا سێ بەرابەر زیاتر لە نوت بوکە ئاساییەکان خۆڕادەگرێت.



# میگاپیکسل (megapixel) چییە؟

لە جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا گەلێك دەستەواژە بەکاردێن، بۆ بەکارهێنەرێکی ئاسایی مانا ئەم چەمکانە دژوارن، لەجیهانی کامێرای دیجیتالدا دەستەواژەی میگاپیکسل (Megapixel) کە کورتکراوکەی ”میگا“یە. بەکاردێت. کامێرا دیجیتالییەکەی من 12 میگاپیکسلە، ئەوەی تریان 14 میگاپیکسلە، بەڕاست مانای ئەم دەستەواژەیە چییە؟

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وشە تەکنۆلۆژییە نوێیە دەبێ بڵێین، میگاپیکسل ئەوە دەردەخات کە وێنەکە چەندە گەورەیە، وێنە دیجیتالییەکان لە خاڵی بچووك بەناوی پیکسل پێکهاتوون، هەرکام لەو پیکسەلانە دەکرێت ڕەنگ و ڕووناکی تایبەت بەخۆیان هەبێت. بە لە پەنای یەك بوونی پیکسلەکان وێنەیەك دروست دەبێت. کاتێك دەڵێن کامێراکە 12 میگاپیکسلە، بەو مانایە کە وێنەی ئەو کامێرایە لە 10 ملیۆن پیکسل واتە خاڵی بچووك پێکهاتووە بۆ نموونە کامێرای سۆنی 12 میگاپیکسل هەیە، وێنەی ئەو کامێرایە کە دەیگرێت خاوەنی چوار هەزار ڕیزی ئاسۆیی و سێ هەزار ڕیزی ستوونییە، (3×4 =12) لە جیهانی دیجیتاڵدا بە ملیۆن دەڵێن میگا (mega).

# شۆفێری لە فەیسبووکدا

حەز دەکەی لەکام شوێنی جیهاندا شۆفێری بکەی و ئۆتۆمبێل لێبخوڕی، لە یارییە ئەلکترۆنییەکاندا کە تایبەتن بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل شوێنەکان هیچیان خاڵێکی جوگرافی نین لە جیهاندا، بەڵام لەم دواییانەدا ئەپلیکەیشەنێك لە فەیسبووکدا دروست بووە کە بەناوی Mini maps ناسراوە، بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیەی فەیسبووك دەتوانی بەشێوەیەکی مەجازی لەهەر شوێنێك لە جیهاندا حەز بکەی، بەهاوکاری نەخشەی گوگل کە خۆت ناوی شوێنەکە دەنووسی دەست بکەی بە شۆفێری کردن. ئەم یارییە فەیسبووکییە پێچەوانەی یارییەکانی دیکەیە کە بەهۆی نەخشەی گوگلەوە دەکرێن، توانای ناسینی ناوچە و ڕێگاوبانەکانی هەیە، گەر شوێنێکت بۆ مەشقی شۆفێری دیاریکردووە، بەڵام شوێنەکە تاریکە دەکرێ دوو گلۆپی پێشەوەی سەیارەکە ئۆتۆماتیکی هەڵدەبن. بە داگرتنی دوگمەی N دەکرێت حاڵەتی شەو خامۆش بکەی. هەروەها دەتوانی بە دیاریکردنی چەندین خاڵ، ڕێگایەك بە ویستی خۆت لە نەخشەی گوگڵدا دروست بکەی و لەگەڵ هاوڕێیانت لە فەیسبووکدا کێبەرکێیەکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین پێکبێنی.






## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا دەکرێت لە ئیمێلی یاهوودا فۆلدەر دروست بکرێت و بۆ ئەوەی ئیمێلەکانی تایبەت بە کەسێك یان کۆمپانیایەك لە فۆلدەری تایبەت بەخۆیدا هەڵیان بگرم، گەر دەکرێت چۆن فۆلدەرێك لە ئیمێلەکەمدا دروست بکەم.

خوێنەری بەڕێز بەڵێ ئەو توانایە لە خزمەتگوزاری ئیمێلی یاهوودا هەیە، هەر بەڕاست بوونی سەدان ئیمێل بە تێکەڵاوی لەلای یەك دەبێتە مایەی ئاڵۆزبوونی خاوەن ئیمێلەکە، بۆیە پێویستە فۆلدەری تایبەت بۆ ئەو ئیمێلانە دروست بکەی کە زۆرتر بۆت دێن. بۆ دەستپێکی ئەم کارە سەرەتا بچۆ سەر ئێمێلەکەی خۆت و لەلای چەپ لەسەر فەرمانی Add لە بەشی فۆلدەر folder کلیك بکە. لەو بۆکسەی کە دەکرێتەوە ناوی فۆلدەرەکە بنووسە. پاشان فەرمانی OKی دابگرە. پاشان فۆلدەرەکە لەڕیزی فۆلدەرە ستانداردەکانی یاهوو دروست دەبێت. بۆ دروستکردنی فۆلدەری دیکەش هەر بەم جۆرە هەنگاو بنێ. پاشان بچۆ سەر بەشی ئیمێلەکان و واتە Inbox و لەسەر ئیمێلە دەستنیشانکراوەکان کلیك بکە و فەرمانی Move لێبدە، لەو لیستەی کە دەردەکەوێت فۆلدەرە تایبەتەکە هەڵبژێرە.